www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-7-2006 14:40

## شاری ئەپڵدۆرنی هۆڵەندا ڤیستیڤاڵێکی هەمەڕەنگی بەخۆە دیوو، دەنگ و ڕەنگی کوردیشی لێ بێ بەش نەبوو... ساسان دەروێش

هۆڵەندا



هەفتەی ڕابردوو شاری ئەپڵدۆرنی هۆڵەندا، ڤیستیڤاڵێکی گەورەی هەمەڕەنگی بەخۆوە دی، لە ژێر ناونیشانی (بەلەمی ئەژدیها) واتە چالاکیەکان لە سەر بەلەم ولە ناو ئاودا بەڕێوەچوو، لە ئەنجام دانی چەندین چالاکی هەمەڕەنگ وجۆرا وجۆر لە شانۆ و مۆسیقا و سەما کە زیاتر لە20 گروپی جۆرا و جۆر تێدا بە شداربوون لە وولاتانی چین وهۆڵەندا و ئەندۆنوسیا و چەند وولاتێکی ئاسیا، ناوهێنانی ڤیستیڤاڵە کە وبیرۆکەکەی دەگەڕێتە وە بۆ وولاتی چین کە بە ناوی ئەژدیها ناویان بردووە بەواتەی ئەژدیهاش کە لە ئەفسانەکاندا هاتووە و دەڵێ ئەژدیها یەک لاشە وچەند سەرێکی هەیە بەومانایەش ئەم ڤیستیڤاڵە ڕێکخراوە لە چەند کلتورێکی جیاواز و لە یەک لاشە دا کۆبوونەتەوە، کە جێگای خۆشحاڵی ئێمەی کوردیش بوو هونەرمەندان ولاوانی کوردیش توانیان بە چەند نمایشێکی جوانی شانۆی ومۆسیقا دەنگ وڕەنگی خۆیان بگەیەننە ڤیستیڤاڵەکە و جێگای سەرنجی ئامادەبووان بن. کە ئەویش تیپی شانۆی بێ سنووربوو کەزۆربەی ئەندامەکانی کوردن و بە دووچالاکی بە شداری ڤیستیڤاڵەکەیان کرد، ئێمەش بە پێویستمان زانی بۆ زیاتر زانیاری لە سەر تیپی ناوبرا و چۆنێتی بە شداربوونیان وکارەکانیان لەم ڤیستیڤاڵە بەڕێز هونەرمەند (باکۆ سۆرانی) بدوێنین وەک سەرپەرشتیاری هونەری تیپەکەوبەڕێزیشیان بەم چەند ووتەیە بۆمان دوا.

- هونەرمەند باکۆسۆرانی:- پێشەکی سوپاس وپێ زانین بۆ جەنابتان و ئەم بەسەرکردنەوەیەمان، دەمەوێ بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم شانۆی بێ سنوور کە گروپێکی شانۆی مۆڵتی کلتوریە وکە دەوروبەری دەساڵە دامەزراوە من خۆم ناوم باکۆ سۆرانیە و ئەم گروپەم 10 ساڵ لەمەوپێش، کاتێک لە ئۆردوگای پەناهەندەکان بووم دامەزران، گروپەکە یەکەم جار لە دووکەسەوە دەستی پێ کرد کە ئێستاش کە من دانیشتووی شاری ئەپڵدۆرنم، گروپەکەمان زیاتر لە32 هونەرمەندی کلتوری جیاجیایەوئەوکلتورانەی کە لە ناوشانۆی بێ سنووردا کار دەکەن وەکو کورد و عەرەب و ئەرمەنی و ڕووس و هۆڵەندی و هەروەها ئەفریقا، مەبەستی ئێمە لە شانۆی بێ سنوور پیشاندانی کلتووری کوردی وهەروەها وولاتەکانی ترە بەکۆمەڵگای هۆڵەندی، ئێمە وەکو چەند هونەرمە ندێکی کورد یەکێک لەوانە کاک (ڕزگار مونزیر و حەمەی مام بەکر و شۆڕش سۆرانی و ئاسۆ ئیبراهیم و سامان ئەحمەد ژین و کوردۆعومەرکەریم ئاغا) ، کەزۆربەیان دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانن لە بەشی شانۆو مۆسیقا وئەندامی چالاکن لەم گروپەدا. من خۆم وەک سەرپەرشتیاری هونەری گروپەکەم وساڵانە چەندها بەرهەم پێش کەش دەکەین، بەرهەمە شانۆیەکانمان تەنها لە سەرتەختەی شانۆکان پێشکەش ناکەین بەڵکو زۆر جار لە ڤیستیڤاڵە گەورەکان وسەرجادە وەیان زۆر جاربانگهێشت دەکرێن بۆ شوێنی فەرمی و کارەکانی خۆمانیان پێشکەش دەکەین. ئەتوانم بڵێم شانۆی بێ سنوور لە هەموو کوچەوکۆڵانێکی هۆڵەندا کاری کردوە.

بۆ بڕگەی دووەمی پرسیارەکەش کە چالاکیەکەمان بریتی بوولە چی، بریتی بوو لە دووکار، یەکەمیان بەشانۆگەری (بەرەوهێڵی ستونی) کەباس لە ژمارەیەک مرۆڤ دەکات ڕێگایان ون کردووە ووون بوون تەنها ڕێگا چارەیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکە ڕۆیشتنیان بووە بەرە و هێڵی ستونی وشانۆ گەریەکەش هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی تێدا نەبوو تەنها بەڕێگای جوڵە مەبەستەکەمان گەیاند وئەوجۆرەکارەش بۆ یەکگرتنەوەوتێشکاندنی سنورەکانە کە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان مرۆڤایەتیدا، وەکاری دووەمیشمان بریتی بوو لە پارچە مۆسیقایەکی تێکەڵاوی چەند وولاتێک بە ناونیشانی (پەلکە زێڕینە) ، ئەو پەلکە زێرینەیەی کوردستان لە هۆڵەندا وهەموو شوێنێکەوە دەتوانرێت ببینرێت. لە کۆتایدا جارێکی تر سوپاسی ئەوهەستە بەرزەتان دەکەم بۆ گەیاند نی دەنگی ئێمە بە میدیای کوردی و هیوادارم پەیوەندی بەردەوامان هەبێ وکاری زۆرمان هەیە ومیدیای کوردی بێ ئاگایەلێیان.















